**پارتی سەربەستی کوردستان و بیری لیبرالیزم.**

**لە نووسینی هاشم موحەممەدی**




هەروەک لە ڕاگەیاندنەکانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەوە ڕای گشتی کوردستانیانی لێ ئاگادارکرایەوە کە پارتی سەربەستیی کوردستان لەچەند حەوتووی دیکەدا یەکەمین کونگرەی خۆی لە ژێر ناوی کونگرەی گەشەی بیری سەربەخۆخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێ دەدات، لەم کونگرەیە دا بیری لیبرالیزم واتا لیبرالیزمی نوێ باسی سەرەکی کۆنگرەکە دەبێت. بۆئەوەی وەک ئامانجی دووا ڕۆژی ئەم پارتە دیاری بکرێت، هەرچەند دژبەرانی هزری لیبرالیزم پێیان وایە کە ئەمە بیرێکی کاپیتالیستیە، هەمیشە لەهەوڵی لەکەدار کردنی چەمکی لیبرالیزم بوون، وایان پێناسە کردوە کە خەڵکی کورد لەگەڵی نامۆ بێت. ئەوەی کە لێرەداجێگای لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە پسک هەوڵدەدات: لیبرالیزم وەک ئامانجی دوواڕۆژی خۆی دیاری بکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بەرنامە و پلانێکی تۆکمەیان بەدەستەوەیە کە لە نێو ئەم بیرەدا مافی چین وتوێژو کەمینەی نەتەوەیی و ئاینی مافی تاکی کورد بە ڕوونی پارێزراوبیت، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانای ڕاستەقینەی لیبرالیزم تێبگەن، و بتوانن کۆمەڵگایەکی لیبراڵ و مۆدێرن کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت پێک بهێنن.

لێرەدا من هەوڵدەدەم کە بە کورتیش بێت ئاورێک لە بیری لیبرالیزم بدەمەوەبۆ ئەوەی بتوانین بوخەینە بەر لێکۆڵینەوە. .هەرچەند زۆر ووتار و کتێب سەبارەت بە ئەم بیرە لە لایەن زۆر لە نووسەران فیلسوفانی لیبرالی ناسەوە نووسراوە.

*لیبرالیزم لە باری سیاسیەوە 2 واتای جیاوازی هەیە کە بە کورتی ئیشارەی پێ دەکەم.

١. لە یەک واتای سیاسی دا دەتوانین بڵێین کە بیری لیبرالیزم هزرێکی ئازادیخوازییە، یان بەشێکە لە سیستمی پێشخستنی ئابوری کە پێوەندیەکی بتەوەی لە گەڵ سەردەمی پیشکەوتن یان پێشەڤەچون هەیە، کە لە دەورانی سەرمایەدارىدا دژی سیستمی ئەریستۆکراسی خەباتی دەکرد و لە تێکۆشان دا بوو و بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتیش پێک هات و هەر لە و سەردەمەش دا کە ساوا بوو، توانی خۆی دەرخات و پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینیت. لیبراڵەکان یان ئازادیخوازەکان لەو سەردەمەدا خوازیاری بەدەست هێنان یان پارێزگاری کردن لە مافی چینێک بوون کە دەیانهەویست پێشکەون و بە سەرچینەکانی تردا سەرکەون و گۆشەوکنارەکانی گۆی زەوی بتەنەوە، ئەم چینە خەباتیان دەکرد بۆ ئازادی ئابووری و کۆمەڵایەتیکان بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەو هۆیانەی کە لە سەردەمی فئۆدالیسم دا بوون، وەک گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە، بەڵام بە دەسەڵاتێکی کەمەوە کە تاکەکان لە سیستمی سیاسی دا نەتوانن بڕیار بە سەر کۆمەڵ دا بدەن و بیر و بۆچونەکانی خۆیان بە سەر خەڵکدا بسەپێنن، بە واتایەکی تر ئەوان دەیانهەویست کە بە شێوەی ئازادانە نوێنەرەکانیان بچنە نێو پەرلەمان و دەنگ، ڕەنگ، مافە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکانی خۆیان بپارێزن و لە نێو یاساکان دا بیگونجێنن و بیرو بۆچونە بورژوواوازیەکانی تایبەتی خۆیان لەو سەردەمەدا بە شێوەی یاسایی بچەسپێنن.

٢. لە واتایەکی تری لیبرالیزم دا دەتوانین بەو شێوەیە لە سەری بدوێین کە هزرێکە لە نێو چینە کرێکاریەکان دا یان لە نێو ئەو کۆمەڵ و گروپانەی کە خۆیان بە پارێزەری مافە کرێکاریەکان دەزانن وەک دژی خۆیان چاویان لێدەکەن و کاتێک لە سەر لیبراڵەکان بیر و بۆچونی خۆیان دەردەبڕن وەک ئەوەی کە ئەم چینە ماف و ئازادیە کرێکاریەکان لە بەرچاو ناگرن و دژ بە هزر و بیرو بۆچونەکانی مارکسیسم- لینینیسم سەیر دەکرێن، لیبرالیسم بەم واتایە خۆی وەک نارەزایەتیە ئاپۆرتۆنیسم و ئاندیویدولیسم خۆی دەر دەخات، پارتە چەپە مارکسیستیە- لنینیستیەکان دژایەتی ئەو گرووپ و لایەنانە دەکەن کە لە گەڵ ئامانج و ئیستراتیژیکی ئەواندا ناگونجێن، هەر لە بەر ئەم هۆیانەیە کە دەستیان داوەتە خەبات و تێکۆشانێکی بێ وچان لە پێناو لاوازکردنی هزری لیبرالیزم، ئەوەمان لە بیر نەچێت، بە گشتی ئەو کۆمەڵ، گرووپ . تاک و لایەنانەی کە لە ڕێبازە ئیدۆلۆژییەکان، چ مەزهەبی یان زانستی بن کەڵک وەر دەگرن بۆ بە دەست گەیشتنی دەسەلات، خۆیان بە دژبەری بیرە لیبراڵیەکان دەزانن، چونکە بۆچونی ئەوان سەبارەت بەم هزرە نگەتیف- پاسیڤە و هەست دەکەن ئەگەر ئەم بیرە لە هەر ناچەیەک یا وڵاتێک دا جێ بکەوێت بەواتای لە بەین چونی ئەوانە، بەڵام تاکو ئیستا لەوە بیریان نەکردووەتەوە کە ئەم بیرە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێپەڕاندوە وئاڵوگۆڕێکی پۆزۆتیڤی بە سەردا هاتووە کە توانای هەزم کردنی بیر و بۆجونە مارکسیستیە و مەزهەبیەکانە.

*بەڵام ئەگەر بە گشتی چاو لە قۆناغە سەرەتاییەکانی لیبرالیزم وەک لیبرالیزمی کەلاسیک و لیبرالیزی نوێ، ئەمڕۆی بکەین، دەبینین کە ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا هاتووە کە ئەم چمکە لەو قۆناغە جیاوازانەی کە بە سەری دا هاتووە لە واتاکەی گۆڕاوە و بە سەر چەندین چمکی جیاواز دا، دابەش کراوە کە هەر چمکێک بۆ خۆی فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەیە.

*لیبرالیزم یەکێ لەو سیستمانەیە کە لە سەر بنەما و بناغەی تاک، تاکەکەسی دامەزراوە، وە لە بنەما دا بە واتای باوەڕ بە ئازادی و فەلسەفەی ئازادیە، کە هەوڵدەدات تاکەکان ئازادبن و ئازادی بۆ تاکەکان وەدەست

بهێنێت و پارێزگاریان لێبکات. لێرەدا گرنگ نییە کە تاکەکان لەو ئازادیە کە بەدەست هاتووە چۆن بە کاری دەهێنن، بەڵام نابێت ئەو ئازادیە بۆ لە بەین بردن یان لە خاچ دانی ئازادییەکی کەسێکی تر بەکار بێت، چونکە ئەو کات لە چوارچێوەی واتاکەی خۆی دەچێتە دەر و دەبێتە بەزاندنی سنووری ئازادی کەسێکی تر، تاکەکان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی خۆیان دا ئازاد دەکات کە کەس نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگر بێت لەو ئازادەی کە تاکەکان لە ژیانی تایبەتی خۆیان دا بە کاری دەهێنن.

ڕیشکی لیبرالیزم لە مێژوو دا بە واتای پێکهێنانی شۆڕشێک کە خوازیاری ئازادیە تاکە کەسیەکانە و ئازاد بوون لە کەلتووری دۆگماتیس، لەو گرووپە کۆن ، سیاسی و سونەتیکانە کە دەنگ و ڕەنگی تاکەکان لەوێ دا وون دەبێت و هندێک جاریش تاکەکان دەبن بە قوربانی کۆمەڵ.

لە ڕاستی دا مێژووی لیبرالیزم دەگەڕێتەوە بۆ دەورانێکی زۆر دوور کە ناتوانین مێژوویەکی دیاری کراوی بۆ دا بنێین، هەر چەند دەتوانین ئیشارە بە دەنگە ئازادی خوازیەکانی پرۆتوستانەکان لە ئۆرووپا بکەین ، لیبرالیسم کاتێک لە دایک بوو کە لە ئوروپا دەورانی دەسەڵاتدارێتی کلیساکان بوو کە لە میژوو دا وەک ڕۆژانی ڕەش ناوی دەبەن، کە دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر دەستی ، کلیساکان، فئۆدالەکان و مەزهەبیەکان دا بوو، کە هەر شتێک لە گەڵ بیر و بۆچونی ئەوان دا نەگونجایە ئەوا زۆر بە ئاسانی سانسۆر دەکرا و ڕێگەی لێ دەگیرا هندێک جاریش کەسەکەیان لە خاچ دەدا، بە واتایەکی تر دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژێر دەستی کەس و گرووپێکی تایبەتی دا بوون کە لە جێگای کۆمەڵ بڕیاریان دەدا. سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەدەکانی نێوەڕاست لە ئۆرووپا بە شێوەیەک بوو کە هەر کەس لە دەسپێکی تەمەنیەوە تاکوو کۆتایەکانی تەمەنی لە یەک چینی کۆمەڵگادا دەبوو و نەیدەتوانی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ کە گۆڕانکاری لە ژیانی دا بکات، پێک بهێنێت. ئەگەر لە باری مەزهەبیشەوە چاومان لێ بکردایە دەمانبینی کە کەس نەیدەتوانی لە دژی کلیساکان بڕیارێک بدات یان شتێک بڵێت کە لە گەڵ بۆچونی کلیساکان دا ناگونجێت ، هەروەها ئازادی مەزهەبیش نەبوو، کلیسا بە دڵی خۆی هەموو شتێکی سانسور دەکرد، لە سەردەمێکی ئاوادا بوو کە لیبرالیسم لە دایک بوو و دەنگی ئازادی خوازی بەرزبووەوە، دەتوانم ئەم سەردەمە بە سەردەمی دەسپێکی ژیانێکی نوێ بە ئیدەو هزرێکی نوێ بهێنمە ئەژمار ، هەروەها قۆناغەکانی پێش دەسپێکی ئەو شۆڕشە مەزنەش نیو دەنێم قۆناغی خنکانی بیرە زانستی و فەلسەفیەکان لە ئۆرووپا ، لەم کاتەدا پرۆتیستانیتسم لە سەر بناغەی ئازادی و سەربەخۆی تاکەکان خەباتی لە دژی کلیسا دەست پێکرد، هەرچەند پێشەڤەچونی زانست و لە دایک بوونی فەلسەفە سیاسی وکۆمەڵایەتی هاوکات بوون لە گەڵی و دەتوانین وەک یەکێ لە هۆکارە مەزنەکانی سەرکەوتنی ڕێنینسانس و شۆڕشی پییشەسازی بە ئەژماری بهێنین.

بۆچونە فەلسەفیەکانی فیلسوفە گەورەکانی ئەو سەردەمە وەک چون جان لاک و ژان ژاک روسو دەیان فیلسوفی تر کاریگەری زۆریان هەبوو لە سەری. لە بۆچونەکانی لاک و روسو کە دەیانوت کە مرۆڤەکان لە سرووشت دا وەک یەکن و دەستیان کرد بە دانانی یاسا و پێک هێنانی مەجلیسی بریار دان و بەو شێوەیە دەستیان کرد بە لە بەین بردنی کەلتوری سیاسی سیستمی کلیسا و فئۆدالەکان، یان وەک بۆچونی لاک کە دەیوت حکومەت دەبێت ماف و ئازادیەکان بەرفەراوان بکات و پارێزگاری لە ئازادی بکات ، نەک هەوڵ بۆ لەبەین بردن و تێکدانی ئەو ئەمنییەتی کە ئازادی هەیەتی بدات.

لیبرالیسم لە پاش خەبات و تێکۆشانێکی زۆر ، لە پاش لە خۆ بردووی مرۆڤە ئازادیخوازەکان توانی لە ئۆرووپا پێک بێت و سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و توانی بە ئامانجەکەی بگات ، ئەو ئامانجەی کە دەیان فیلسووف و سەدان ئازادیخواز لە پێناوی دا گیانیان بەخت کردووە، لیبرالیزم وەک سەرەتای ئەو بوچوونەی کە لە فەلسەفەی ئازادی بۆ تاکەکان زیاتر هچی تر نەبوو پێش کەوت، یەکێ لە گرنگیەکانی لیبرالیزم لەو سەردەمە دا ئەوە بوو کە توانی کەلتووری دۆگماتیسم تێکبشکێنێت و بۆ هەمیشە سەردەمێکی نوێ لە مێژوی مرۆڤایەتی دا بە ئیدەو فکرێکی نوێیەوە دەستپێ بکەن کە لەوێ دا ئەوە توانای هزری و فکری خەڵک بوو کە دەیتوانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خەڵک دا پێک بهێنێت . لە راستی دا ئەوە هزری لیبراڵی بوو کە توانی لە ڕووبەرووی کەلتووری دۆگماتیسم راوەستێت و بە هەوڵ تێکۆشانێکی زۆر توانی سەرکەوتن بە سەر سیستمی فیۆدالیم و کلیسادا زال بێت و کۆتایی بە ڕۆژانی ڕەش بهێنێت لە ئۆرووپا.

لە ڕووانگەی لیبرالیسمەوە مەزهەب یان دین وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە داڕێژەری یاسا ورێسای تایبەت بە خۆی بێت چاوی لێ ناکرێت و خوازیاری ئەوە نیە کە دین لە چوارچێوەی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕۆڵی هەبێت ، دین یان ئایینێک دەتوانێت لە گەڵ سیستمی لیبرالیسم دا بگونجێت کە داڕێژەری چوارچێوەی تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری ، سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبێت و لەو بوارانە دا هەوڵ بۆ گێڕانی ڕۆڵ نەدات، بەواتا تر دینێک دەتوانێت جێگای خۆی لە نێو سیستمی لیبرالیسم دا بکاتەوە کە باوەری بە ئازادی ئینسانەکان هەبێت کە چۆن بڕیار دەدەن لە سەر چارەنووسی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا و ئەوە مرۆڤەکانن کە دەتوانن بۆ خۆیان باوەڕ یا دینێکی تایبەتی بۆ خۆیان هەڵبژێرن وە یا ڕەدی کەنەوەو.... لە ڕووانگەی هزر و بیری لیبراڵەکانەوە دین ناتوانێت لە سەر چارەنوسی مرۆڤەکان بڕیار بدات یان ئەو مافەی نییە کە دەخاڵەت یان تەجاوەز لە ژیانی مرۆڤەکان دا بکات، بۆ نمونە لە ئابووری ئیسلامی و مارکسیستی دا ئەو ئازادیە بوونی نییە کە لیبرالیسم بە تاکەکانی نێو کۆمەڵی داوە ، هەر چەند لە دەورانی سەرمایەداری دا بە هۆی جێنەکەوتنی هزر و کەلتووری لیبرالیستی بەشێک لە مرۆڤەکان لە لایەن چینی باڵادەست و سەرمایە دارەوە دەچەوسانەوە،بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵەین کە تاکو ئیستا سیستمی لیبرالیسم باشترین سیستمی ڕۆژ و سەدە بووە کە تاکەکان توانیوێتانە لە کەلتوورێکی ئازادانە دا هەوڵ بۆ وەدەست هێنانی ویستە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بدەن، هەرچەند ئەم سیستمەش هەمو کاتێک لە گەڵ کەمو کوڕی و کرچی و کاڵی دا رووبەڕووبوەتەوە، بەڵام وەک سەرکەوتووترین سیستمی ڕۆژ سەیر دەکریت.

لیبرالیسمی کۆمەڵایەتی یان حکومەتی ڕیفۆرم وچاکسازی کۆمەڵایەتی وەک ئەوەی کە لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا هەبوو، یەکێ لە و سیستمانەی لیبرالیسم بوو کە باشترین پلان وخزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان لە بواری ئابووری، نەخۆشخانە، پێکهێنان وسازکودنی خۆشگوزەرانی پێشکەش دەکرد، ئەورۆکە سیستمی لیبرالیسم لە وڵاتانی جۆربەجۆر بە شێوەی جیاواز لە یەک لە دەسەڵات دان و وڵات بەڕێوە دەبەن ، هەرچەند لە هندێک وڵات دا بە هۆی ئەوەی کە هزری شۆڕشگێری بیری تەنگی ناسیۆنالیستی یان بۆچوونی ڕادیکاڵانە نیە سەرکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە وەک کەنەدا و ئەمریکا هندێک لە وڵاتانی ئەورووپی، وە لە هندێک وڵاتیش دا بە هۆی ئەوە کە کەڵتور و دەرفەتی باشی نەڕەخساوە ، نەیتوانیوە بە سەر ئەو هەوراز و نشیوانەی کە بۆی هاتوونەتە پێش بە باشی سەرکەوێت. سیستمی سەرمایەداری کە وەک بەشێک لە هزری لیبرالیسم و پێکهێنانی ئەو بیرە سەیر دەکرێت و هەمیشە لە قۆناغە سەراتایەکان دا یەکێ لەو فاکتە هەرە گەورانەی سەرکەوتنی لیبرالیسم بووە ، کەواتا کاپیتالیسم یان سەرمایەداری هەمیشە هزری پێکهێنانی سەرەتای لیبرالیزم بووە، بەڵام ئەورۆ لە هندێک بوار دا دژایەتی سەرمایە داری و سیستمی کاپیتالیسم دەکات.

ليبراليزم بە جياوايیەکی  زۆرتر لە ئەم ليبراليزمەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ليبراليزمی نوێ هەميشە لە قۆناغە جيا جيا کاندا دەستی گرتووە تاکوو بە ئەمڕۆ گەيشتووە، هەرچەند کاپيتاليسم نەيتوانيوە ئەوەی کە وەک سيستمی سەرمايەداری لە ليبراليزمی دەوێت پێی بگات يان بۆی جێبەجێ بيت ، چونکە ليبراليزمی نوێ لە باری مافە کۆمەڵايەتی و سياسيەکاندا دژايەتی چەوساندنەوەی  چينی خوارەوەيە و بە قەدری پێويست ئيمکانات  و خزمەتگوزاری پێشکەش کردووە کە کاپيتاليسم  نەتوانێت پەرە بەو جياوازی چينايەتيە بدات کە هەميشە لە هەوڵی دا بووە تاکوو بتوانێ چينی خوارەوە موتيعی بەرژەوەندييەکانی خۆی بکات و بتوانێت سيستمی ئيستعماری برەو پێ بدات.

.........................................................................................................................................

بۆ نووسينی ئەم ووتارە لە زۆر بابەتی ئينترنەتی کەڵک وەرگيراوە، بە تايبەت  کتێبی ليبراليسم و کتێبی هۆکاری پێکهاتنی  ليبراليسم،

لە نووسينی هاشم موحەممەدی